ئەگەر پێمانوابێت، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دابگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواریی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووونیدا دەبێت، بەبێ ئەوە، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.      هەژێن

## بەشی پازدەهەم

### ئایا بەبێ ئایدیۆلۆجیا چۆن دەتوانین بزووتنەوەمان هەبێ و خۆمان ڕزگار بکەین ؟

ئایدیۆلۆجیای چینایەتی یەکساننییە بە خودهوشیاری شۆڕشگێڕانە، چونکە خودهوشیاریی شۆڕشگێڕانە سەرەتای ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتییە، بەڵام ئایدیۆلۆجیای چینایەتی پێداگرتنەوەیە لەسەر مانەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی، ئیدی ئەوەی لە کام جەمسەری ئەو کۆمەڵگەوە وەستابێت [چەپ یا ڕاست]، هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە تۆ خەریکی ڕەوایەتیدانی بە دابەشکردنی مرۆڤەکانی بەسەر چەند دەستەی دژ بە یەکدا، ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ تاکێك نە لە ڕووی جەستەیی و نە لە ڕووی خودهوشیاریی و نە لە ڕووی جوانیناسی و نە لە ڕووی حەزەوە لەوی دیکە ناچێت و یەکدەستی و یەکڕەنگیی چینایەتی تەنیا پووچگەراییەکی ئایدیالیستییە و لە هیچ سەردەمێکدا مرۆڤەکان چ لەڕووی بیرکردنەوە و چ لە ڕووی حەزەوە، وەك یەك نەبوون، تەنانەت لەو سەردەمە ئەفسانەییەشدا کە ئایدیۆلۆجیکارەکان بە کۆمونەی سەرەتایی [بەهەشتی ئایدیال]ی نێودەبەن. هەڵبەتە ئەم جیاوازییانە هیچ کات بەواتای ڕەوابوون و پێویستبوونی جیاوازیی و هەڵاواردن ڕەگەزیی و نەژادی و ئایینی و چینایەتی نین، بەڵکو تەنیا مەبەستم ئەوەیە، دابەشکردنی مرۆڤەکان بەسەر کۆمەڵێك ئایدیۆلۆجیای دژبەیەك یا هاوئاراستەدا بێجگە لە جیاوازی و ناتەبایی و جەنگێکی ئایدیۆلۆجی بەردەوام هیچی دیکە بەرهەمناهێنێت. لەوەتەی ئاینەکان هەن، هەڵگرانی باوەڕەکانیان لە جەنگێکی ناکۆتادا دەژین و چنگیان لە جەستەی یەکدیدا خوێناوییە، هەروەها لەو کاتەوەی پارتایەتی سەریهەڵداوە، ئەندامان و لایەنگرانیان لە جەنگێکی ناکۆتادان و خوێن و خۆراکی زیندوومانەوەی ئەو وەرەمە ڕامیارییە، تەنیا جەنگە بە بەپشتبەستن بە ئایۆلۆجیای نەتەوەپەرستی، بەرتەریی ڕەگەزیی و نەژادیی و پاوانگەریی دەستەبژێریی و سەروەریی ..تد.

بەپێچەوانەوەی ئایدیۆلۆجیاوە، خەباتی چینایەتی یەکسانییە بە کینەی چینایەتی، خەباتی چینایەتی تێکۆشانە بۆ لەنێوبردنی هۆکارەکانی دروستبوونی کۆمەڵگەی

چینایەتی واتە پایە ئابووریی و کولتووری و ڕۆشنبیرییەکانی، بەڵام کینەی چینایەتی وەك هەر توندوتیژییەك، توندوتیژی بەرهەمدەهێنیت، واتە پاساو و بیانوو دەداتە دەست پارێزەرانی کۆمەڵگەی چینایەتی بۆ ڕەوایەتیدان بە ستەمی چینایەتی. هەروەها ئەوەی بە درێژایی تەمەنی من و لە ئەزموونی کەسیی مندا کەڵەکەبووە، چەکبوون و ئامرازبوونی ئایدیۆلۆجیایە بۆ دابەشکردنی مرۆڤە چەوساوەکان بەسەر گروپ و پارت و پێکهاتەی دژبەیەك و ڕاگرتنیان لە ناتەباییەکی بەردەوامدا و بەو هۆیەوە لە بەرانبەردا دابینکردنی ئارامی و ئاسوودەیی بۆ سەروەران، بەوەی کە چەوساوان خەریکی جەنگی یەکدین و نایانپەرژێتە سەر جەنگی چەوسێنەرانیان. لە ژیان و بیرەوەیی و بوونی مندا ئایدیۆلۆجیا و ڕامیاریی و پارتایەتی تەنیا ئەمەی بەرهەمهێناوە. ئەگەر تۆ یا هەر کەسێکی دیکە ئەزموونگیرییەکی دیکەی لە ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجیا هەیە، سوپاسگوزاری دەبم، ئەگەر لە ڕۆشنکارییەکانی خۆی بەهرەمەندم بکات و ئەوە بسەلمێنێت، کە ڕامیاریی هونەری سەروەریی و فریودانی خەڵك و مسۆگەرکەری مشەخۆریی نییە و ئایدیۆلۆجیا ئامرازی دابەشکردن و پرشوبڵاوەپێکردنی هێزی کۆمەڵایەتی چەوساوان و دەبەنگکردنی تاکەکان و ڕاگرتنیان نییە لە جەنگێکی نەبڕاوەی خۆکوژییدا ! ئایا لە سەراپای مێژووی ململانێی چینایەتییدا، بەڵگەیەکی ئاوا لە بارەی ئایدیۆلۆجیا و ڕامیارییەوە هەیە، کە پێچەوانەی ئەزموون و پێگەییشتن و بۆچوونە بنەماییەکانی هەر یەك لەوانە بێت، کە دژایەتی ئایدیۆلۆجیا دەکەن و لەسەر کۆمەڵایەتییبوونی خەبات و شۆڕش و ڕێکخستنی سۆشیالیستیی [کۆمەڵایەتیی] دەکەن؛ کامە، کەی و لەو کوێ ؟

### چۆن دەتوانیت قسە لە گۆڕانی کۆمەڵگە بکەیت لە کاتێکدا دەوڵەت و سیستەمی سەرمایەداری زاڵن، بێجگە لە بەرنامەی لایەنی کەم و لایەنی دوور چ ڕێگەیەکی تر هەیە؟

قۆناخبەندیی مێژوو و هەروا قۆناخبەندیی ڕەوتی گەییشتن بە کۆمەڵگەی ناچینایەتی، هەوڵێکی نەزانانە یا فریودەرانەی دەسەڵاتخوازییە. دابەشکردنی داخوازیی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بەسەر داخوازیی هەنووکەیی و ئاییندەیی، لەسەر بنەمای پووچگەرایی وێناکردنی شۆڕش بە ڕاگەیاندنی پارتێك و پێداویستی سەرکوتی دەوڵەتییە "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"یە بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵگە لە سنووربەندییەکانی ئایدیۆلۆجیا و بەرنامە پێشتر ئامادەکراوەکان، سەریهەڵداوە.

ئەگەر شۆڕش پرۆسێسی مێژوویی گەشەکردن و پێگەییشتنی خودهوشیاریی تاکە ژێردەستەکان و هەرەوەزیبوونەوە و پێکهێنانی کەرتی کۆمەڵایەتیی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی و بە کولتووریبوونی بێت، کە لە بەرانبەر داراییی تایبەت و داراییی دەوڵەت و سەروەریی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە دایدەنێت و دواجار شکانەوەی هاوسەنگیی هێز، سەرکەوتنی هەر لایەکیان بەسەر ئەوی دیکەدا دیاردەکات، ئەوا هەموو داخوازییەك و هەموو ئامانجێك و هەموو گۆڕانێك لە خودی ئەم کۆمەڵگە چینایەتییەدا ڕوودەدات و نێوان کۆمەڵگەی چینایەتی و ناچینایەتی خاڵێکی سنووریی وەك ئەوەی نێوان وڵاتان یا

سات و ساڵێکی دیاریکراو بوونی نییە، کە بیکەینە بنەمای کار، پێش ئەوە ئەم کارانە دەکەین و پاش ئەوە ئەو کارانەی دیکە.

بەبۆچوونی من وەها تێڕوانینێك بۆ ڕەوتی مێژوو و ڕوودانی ڕاپەڕین و شۆڕش تێیدا، کاریکاتێرێکە لە تێگەییشتنی شۆڕشگێڕانە بۆ مێژوو و ڕەوتی ڕووداوەکان. لەبەرئەوەی کە بەدیهاتنی هەموو خەون و خەیاڵێکی مرۆڤ لەم کۆمەڵگەدا تەنیا بە تێکۆشان بەدیدێت و پێویستە کاری بۆ بکرێت. چونکە کۆمەڵگەی چینایەتی ڕووبەرێکی دیکە، وڵات و کیشوەرێکی دیکە نییە، یا ماوەیەکی سەردەمیی دابراو نییە، کە لە دوای کات و شوێنی کۆمەڵگەی چێنایەتی ئێستاوە دەستپێبکات، هەروەها مرۆڤەکانیشی هەر مرۆڤەکانی سەر گۆی ئەم زەمینە دەبن و لە ئەستێرەیەکی دیکەوە نایێن، بەڵکو گۆڕینی ئەم کۆمەڵگەیەیە، کە هەیە و تێیدا دەژین. ئەو گۆڕینەش نە بڕیاردانی ڕامیارییە لەلایەن پارت و چەند پارلەمانتار فەرمانداریی و دەوڵەتەوە، نە سەپاندنی بەرنامەیەکی ئایدیۆلۆجییە بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵکو گۆڕینی فرە ڕەهەند یا هەمەڕەهەندی کۆمەڵ و پێکهاتەکانی و ژیان و کارکردنەکانە. بۆ نموونە کاتێك کە تاکەکان لە جیاتی خۆبڕیاردان، بە دیهاتنی داخوازییەکان و بەرەوپێشبردن و یەکلاییکردنەوەی پرسەکان بە پارت و پارلەمانتاران و دەوڵەت دەسپێرن، هیچ گۆڕانێك پێچەوانەی ئەوەی ئێستا هەیە، ڕوونادات، بەڵکو زیاتر و زیاتر سیستەمەکە دەپارێزن و پرسەکان ئەستەمتر دەکەن. بەڵام کاتێك کە تاکەکان لەجیاتی دەنگدان و هەڵبژاردنی پارت و لیست و پارلەمانتاران، کۆڕ و کۆمەڵە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان پێکبهێنن و هەوڵی بەخۆبڕیاردان و بەخۆجێبەجێکردن بدەن، ئەوا هەم بەو جۆرە کارەکان ئەنجامدەدەن، کە بەخۆیان بە دروستییان دەبینن و هەم بەو جۆرەی کە گونجاوە، ئەمە دەکاتە گێڕانەوەی دەسەڵات و بڕیاردان بۆ خود [بۆ خودی تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییە خۆجێیەکان، ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان]. لە بارێکی ئاوادا هەم دەوڵەت و فەرمانداریی و پارلەمانتاران و پارتەکان دەکەونە بەرانبەر خەڵك و هەم ناپێویستبوون و ناکارابوونیان لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەسلمێنێت، کاتێك کە تاك بەخۆی بەکردەووە بینی و بۆی دەرکەوت، کە بەخۆی باشتر لە پارلەمانتاران بڕیاردەدات و لە دەسەڵاتداران باشتر جێبەجێدەکات، ئیدی نابێتە ئەکتەری گاڵتەجاریی هەڵبژاردنی خراپ لە خراپتر... لەبەرئەوە هیچ پرسێك نییە، کە لە خەباتی ڕۆژانەی جەماوەریی و لە یەکگرتنی کۆمەڵایەتیدا چارەسەرنەکرێت، تاوەکو چارەسەر و بنەبڕکردنی بە وەرزی سەرخەرمانی "پارتی پێشڕەو" و دەستەبژێرە ڕامیارەکان بسپێرین؛ هەم خۆڕێکخستنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی و هەم ڕێکخستنی ئاسۆیی کۆمەڵگە و هەم بنەبڕکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزیی و ئاییینی و نەژادی و کولتووریی، هەم پێکهێنانی هەرەوەزییەکان و کەرتی کۆمەڵایەتیی و سەندنەوەی کارخانە و نێوەندەکانی خزمەتگوزاری و شوێنە گشتییەکان لە سەرمایەداران و پارت و دەوڵەت و هەم بێدەسەڵاتکردنی ڕامیاران و مشەخۆران و فەرمانداران و دەوڵەتمەتمەندان، کار و ئەرکی نێو ئەم کۆمەڵگە چینایەتییەن و هەر وێناکردنێك بۆ کۆمەڵگەی ناچینایەتی لە دەرەوەی کۆمەڵگە، پشتبەستنە بە پووچگەرایی بیرۆکەی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ بەهەشتی ئایینەکان ! هەروا کە تا ئێرە و تا ئێستا هەموو گۆڕانێکی سەردەمەکان لە هەناوی سەردەم و کۆمەڵگەکاندا ڕوویداوە، نەك لە دەرەوەی و دابڕاو لە ڕەوتی پووکانەوەی ئەو و نەمانی پێویستی ئەودا.

بە کورتی هەر ئاوا کە ڕێکخستنی کۆیلایەتی و فیئۆدالّی لە هەناوی خۆیانەوە تێداچوون و سات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و سالّێك نییە، کە وەك هێڵی جیاکەرەوەی ئەو ڕێکخستنانە دیاریبکەین و بلّێین لەم ساتەوە دەستییانپێکردووە و لەو ساتەدا کۆتاییانهاتووە، هەڵبەتە ئەمە تەنیا لە ئاستی ولاتێکدا نا، بەڵکو تەنانەت لە ئاستی ناوچە و هەرێمێکیش هەر ئاوایە و ناتوانین بلّێین فیئۆدالیزم لەم ساتەوە لە فلانە هەرێمی فەرەنسەدا کۆتاییهات. ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کۆمەڵگە بەنێو یەکدیدا شۆڕدەبنەوە و تێکهەڵکێشن. ئەمەش بەڵگە و واتای لەنێوچوونی ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی و جۆرە پەیوەندییەکە لەنێو خۆیدا و سەرهەڵدان و جێگرتنەوەی بە ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی و جۆرە پەیوەندییەکی دیکە ، نەك لە خالّی ڕاگەیاندنی هەڕای ڕامیاریی پارتێکەوە، یا دەستەیەکی سەربازیی و ڕاگەیاندنێکی پارلەمانییەوە.

لەبەرئەوە هەم دابەشکاریی خەبات و  دانانی بەرنامە بۆ شۆڕش دەچێتە خانەی پووچگەرایی ڕامیارییەوە و هەم وەك تا ئێستا بە ئەزموون دەرکەوتووە، سەری لە دژەشۆڕشەوە دەردەچێت. بەدرێژایی تەمەنی نەگریسی پارتایەتیی، هەمیشە پووچگەرایی "بەرنامەی لایەنیکەم" تەنیا دێوجامەیەك بووە بۆ شاردنەوەی پلانی بەدەسەلاتگەییشتنی سەرانی پارت، هەروەك چۆن لە سەدەی ڕابوردوودا پارت و گروپە ناسیونالیستەکانی کوردستان بە دێمۆکرات و مارکسیستیانەوە دەیانگوت "ئەم قۆناخە، قۆناخی خەباتی ڕزگاری نیشتمانییە و لەم قۆناخەدا ڕەنجدەران لەتەك بۆرجوازی نیشتمانیدا هاوخەباتن و پاش سەرکەوتن، ئینجا خەبات لەپێناو دامەزراندنی سۆشیالیزم دەستپێدەکات"، کەچی ئەم ڕۆژگارە بەڵێنی سەرخەرمانی ئەوان گۆڕدرا بە ئاوەدانکردنەوەی زیندانەکان؛ بە تایبەتکردنەوەی کەرتە دەوڵەتییەکان؛ بە ئازادکردنی بازار بۆ تەڕاتێنی کۆمپانییە جیهانخۆرەکان و کوردستانە ڕزگارکراوەکەشیان کرد بە پایەگای سەربازانی دەوڵەتی تورکیە و ئیتلاعاتی دەوڵەتی ئێرانی و سەربازانی ئەمەریکی و بریتانی. هەر ئاواش کە لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوودا بەڵێنەکانی پارتی سۆشیال دێمۆکراتی ڕوسیە، لە ڕۆژگاری سەرخەرمانی پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ١٩١٧دا گۆڕدران بە زیندانەکانی چێکا؛ ئوردووگەکانی کاری زۆرەملێ؛ هێرش و کوشتوبڕی بە کۆمەڵی هەرەوەزییەکانی ئۆکرانیا و شوراخوازانی کرۆنشتات و تەقەکردن لە کرێکارانی مانگرتووی پترۆگراد و ... تد.

************************************

خوێندنەوەی بەشی یەکەم، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە :

بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN
بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY
بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If
بەشی چوارەم: http://wp.me/ppHbY-IH
بەشی پێنجەم: http://wp.me/ppHbY-IN
بەشی شەشەم:http://wp.me/ppHbY-Jg
بەشی حەوتەم:http://wp.me/ppHbY-Jo
بەشی هەشتەم: http://wp.me/ppHbY-Jv

http://wp.me/ppHbY-JO : بەشی نۆهەم
http://wp.me/ppHbY-JZ: بەشی دەهەم
http://wp.me/ppHbY-K5 : بەشی یازدەهەم
http://wp.me/ppHbY-K9 : بەشی دوازدەهەم
http://wp.me/ppHbY-Kf : بەشی سیازدەهەم
http://wp.me/ppHbY-Kj : بەشی چواردەهەم

nojenkirdnewey Wellamekan - 14

Eger pêmanwabêt, wellamekanî ême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt. Hejên

## Beşî çwardehem

### Aya bebê aydyolocya çon detwanîn bzûtneweman hebê û xoman rizgar bkeyn ?

Aydyolocyay çînayetî yeksannîye be xudhuşyarî şorrşigêrrane, çunke xudhuşyarîy şorrşigêrrane seretay retkirdnewey komellgey çînayetîye, bellam aydyolocyay çînayetî pêdagirtneweye leser manewey komellgey çînayetî, îdî ewey le kam cemserî ew komellgewe westabêt [çep ya rast], hîç lewe nagorrêt, ke to xerîkî rewayetîdanî be dabeşkirdnî mrovekanî beser çend destey dij be yekda, eme le katêkda ke hîç takêk ne le rûy cesteyî û ne le rûy xudhuşyarîy û ne le rûy cwanînasî û ne le rûy hezewe lewî dîke naçêt û yekdestî û yekrrengîy çînayetî tenya pûçgerayyekî aydyalîstîye û le hîç serdemêkda mrovekan çi lerrûy bîrkirdnewe û çi le rûy hezewe, wek yek nebûn, tenanet lew serdeme efsaneyyeşda ke aydyolocîkarekan be komuney seretayî [beheştî aydyal]î nêwdeben. Hellbete em cyawazîyane hîç kat be watay rewabûn û pêwîstibûnî cyawazîy û hellawardin regezîy û nejadî û ayînî û çînayetî nîn, bellku tenya mebestim eweye, dabeşkirdnî mrovekan beser komellêk aydyolocyay dijbeyek ya hawarasteda bêcge le cyawazî û natebayî û cengêkî aydyolocî berdewam hîçî dîke berhemnahênêt. Lewetey aynekan hen, hellgranî bawerrekanyan le cengêkî nakotada dejîn û çingyan le cestey yekdîda xwênawîye, herweha lew katewey partayetî serîhelldawe, endaman û layengranyan le cengêkî nakotadan û xwên û xorakî zîndûmanewey ew wereme ramyarîye, tenya cenge be bepiştbestin be ayolocyay netewepersitî, berterîy regezîy û

nejadîy û pawangerîy destebjêrîy û serwerîy ..tid.

Bepêçewanewey aydyolocyawe, xebatî çînayetî yeksannîye be kîney çînayetî, xebatî çînayetî têkoşane bo lenêwbirdnî hokarekanî drustibûnî komellgey çînayetî wate paye abûrîy û kultûrî û roşnibîrîyekanî, bellam kîney çînayetî wek her tundutîjîyek, tundutîjî berhemdehênît, wate pasaw û byanû dedate dest parêzeranî komellgey çînayetî bo rewayetîdan be stemî çînayetî. Herweha ewey be drêjayî temenî min û le ezmûnî kesîy minda kellekebuwe, çekbûn û amrazbûnî aydyolocyaye bo dabeşkirdnî mrove çewsawekan beser grup û part û pêkhatey djebeyek û ragirtinyan le natebayyekî berdewamda û bew hoyewe le beranberda dabînkirdnî aramî û asûdeyî bo serweran, bewey ke çewsawan xerîkî cengî yekdîn û nayanperjête ser cengî çewsêneranyan. Le jyan û bîreweyî û bûnî minda aydyolocya û ramyarîy û partayetî tenya emey berhhemhênawe. Eger to ya her kesêkî dîke ezmûngîrîyekî dîkey le ramyarîy û aydyolocya heye, supasguzarî debim, eger le roşinkarîyekanî xoy behremendim bkat û ewe bselmênêt, ke ramyarîy hunerî serwerîy û frîwdanî xellk û msogerkerî mşexorîy nîye û aydyolocya amrazî dabeşkirdin û pirrşubllawepêkirdnî hêzî komellayetî çewsawan û debengkirdnî takekan û ragirtinyan nîye le cengikêkî nebrrawey xokujîyda ! Aya le serapay mêjûy mlimlanêy çînayetîyda, bellgeyekî awa le barey aydyolocya û ramyarîyewe heye, ke pêçewaney ezmûn û pêgeyîştin û boçûne bnemayîyekanî her yek lewane bêt, ke djayetî aydyolocya deken û leser komellayetîybûnî xebat û şorrş û rêkxistinî soşyalîstîy [komellayetîy] deken; kame, key û lew kwê ?

Çon detwanît qse le gorranî komellge bkeyt le katêkda deewllet û sîstemî sermayedarî zalln, bêcge le bernamey layenî kem û layenî dûr çi rêgeyekî tir heye?

Qonaxbendîy mêjû û herwa qonaxbendîy rewtî geyîştin be komellgey naçînayetî, hewllêkî nezanane ya frîwderaney desellatixwazîye. Dabeşkirdnî daxwazîy û pêdawîstîye komellayetîyekanî komellge beser daxwazîy henûkeyî û ayîndeyî, leser bnemay pûçgerayî wênakirdnî şorrş be rageyandinî partêk û pêdawîstî serkutî dewlletîye "dîktatorîy prrolîtarya"ye bo ragirtnî komellge le snûrbendîyekanî aydyolocya û bername pêştir amadekrawekan, serîhelldawe.

Eger şorrş prosêsî mêjûîy geşekirdin û pêgeyîştinî xudhuşyarîy take jêrdestekan û herewezîbûnewe û pêkhênanî kertî komellayetîy kiştukallîy û pîşesazîy û be kultûrîbûnî bêt, ke le beranber darayî taybet û darayî dewllet û serwerîy mrov beser mrovewe daydenêt û dwacar şkanewey hawsengîy hêz, serkewtinî her layekyan beser ewî dîkeda dyardekat, ewa hemû daxwazîyek û hemû amancêk û hemû gorranêk le xudî em komellge çînayetîyeda rûdedat û nêwan komellgey çînayetî û naçînayetî xallêkî snûrîy wek ewey nêwan wllatan ya sat û sallêkî dyarîkraw bûnî nîye, ke bîkeyne bnemay kar, pêş ewe em karane dekeyn û paş ewe ew karaney dîke.

Beboçûnî min weha têrrwanînêk bo rewtî mêjû û rûdanî raperrîn û şorrş têyda, karîkatêrêke le têgeyîştinî şorrşigêrrane bo mêjû û rewtî rûdawekan. Leberewey ke bedîhatnî hemû xewn û xeyallêkî mrov lem komellgeda tenya be têkoşan bedîdêt û pêwîste karî bo bikrêt. Çunke komellgey çînayetî rûberêkî dîke, wllat û kîşwerêkî dîke nîye, ya maweyekî serdemîy dabraw nîye, ke le dway kat û şwênî komellgey çênayetî êstawe destipêbkat, herweha mrovekanîşî her mrovekanî ser goy em zemîne debin û le estêreyekî dîkewe nayên, bellku gorrînî em komellgeyeye, ke heye û têyda dejîn. Ew

gorrîneş ne birryardanî ramyarîye lelayen part û çend parlemantar fermandarîy û dewlletewe, ne sepandinî bernameyekî aydyolocîye beser komellgeda, bellku gorrînî fre rehend ya hemerrehendî komell û pêkhatekanî û jyan û karkirdnekane. Bo nmûne katêk ke takekan le cyatî xobirryardan, be dîhatnî daxwazîyekan û berewpêşbirdin û yeklayîkirdnewey pirsekan be part û parlemantaran û dewllet despêrn, hîç gorranêk pêçewaney ewey êsta heye, rûnadat, bellku zyatir û zyatir sîstemeke deparêzn û pirsekan estemtir deken. Bellam katêk ke takekan lecyatî dengdan û hellbijradnî part û lîst û parlemantaran, korr û komelle cemawerîy û komellayetîyekanî xoyan pêkbihênin û hewllî bexobirryardan û bexocêbecêkirdin bden, ewa hem bew core karekan encamdeden, ke bexoyan be drustîyan debînin û hem bew corey ke guncawe, eme dekate gêrranewey desellat û birryardan bo xud [bo xudî takekan û grupe komellayetîye xocêyekan, rêkixrawe cemawerîye serbexokan]. Le barêkî awada hem dewllet û fermandarîy û parlemantaran û partekan dekewne beranber xellk û hem napêwîstibûn û nakarabûnyan le jyanî rojanemanda deslimênêt, katêk ke tak bexoy bekirdewwe bînî û boy derkewt, ke bexoy baştir le parlemantaran birryardedat û le desellatdaran baştir cêbecêdekat, îdî nabête ekterî galltecarîy hellbjardinî xrap le xraptir... Leberewe hîç pirsêk nîye, ke le xebatî rojaney cemawerîy û le yekgirtnî komellayetîda çaresernekrêt, taweku çareser û bnebirrkirdnî be werzî serxermanî "partî pêşrrew" û destebjêre ramyarekan bispêrîn; hem xorrêkxistinî cemawerîy û komellayetî û hem rêkxistinî asoyî komellge û hem bnebirrkirdnî hellawardinî regezîy û ayînî û nejadî û kultûrîy, hem pêkhênanî herewezîyekan û kertî komellayetîy û sendnewey karxane û nêwendekanî xizmetguzarî û şwêne giştîyekan le sermayedaran û part û dewllet û hem bêdesellatkirdnî ramyaran û mşexoran û fermandaran û dewlletmetmendan, kar û erkî nêw em komellge çînayetîyen û her wênakirdnêk bo komellgey naçînayetî le derewey komellge, piştbestne be pûçgerayî bîrokey gerranewey mrov bo beheştî ayînekan ! Herwa ke ta êre û ta êsta hemû gorranêkî serdemekan le henawî serdem û komellgekanda rûydawe, nek le derewey û dabrraw le rewtî pûkanewey ew û nemanî pêwîstî ewda.

Be kurtî her awa ke rêkxistinî koylayetî û fîodallî le henawî xoyanewe têdaçûn û sat û roj û hefte û mang û sallêk nîye, ke wek hêllî cyakerewey ew rêkxistnane dyarîbkeyn û bllêyn lem satewe destîyanpêkirduwe û lew sateda kotayyanhatuwe, hellbete eme tenya le astî wllatêkda na, bellku tenanet le astî nawçe û herêmêkîş her awaye û natwanîn bllêyn fîodalîzm lem satewe le fllane herêmî ferenseda kotayîhat. Rêkxistin û berrêweberayetîyekanî komellge benêw yekdîda şorrdebnewe û têkhellkêşn. Emeş bellge û wațay lenêwçûnî rêkxistin û berrêweberayetî û core peywendîyeke lenêw xoyda û serhelldan û cêgirtnewey be rêkxistin û berrêweberayetî û core peywendîyekî dîke , nek le xallî rageyandinî herray ramyarîy partêkewe, ya desteyekî serbazîy û rageyandinêkî parlemanîyewe.

Leberewe hem dabeşkarîy xebat û danânî bername bo şorrş deçête xaney pûçgerayî ramyarîyewe û hem wek ta êsta be ezmûn derkewtuwe, serî le djeşorrşewe derdeçêt. Bedrêjayî temenî negrîsî partayetîy, hemîşe pûçgerayî "bernamey layenîkem" tenya dêwcameyek buwe bo şardnewey planî bedesellatgeyîştinî seranî part, herwek çon le sedey raburdûda part û grupe nasîwnalîstekanî kurdistan be dêmokrat û markisîstyanewe deyangut "em qonaxe, qonaxî xebatî rizgarî nîştmanîye û lem qonaxeda rencderan letek borcwazî nîştmanîda hawxebatin û paş serkewtin, înca xebat lepênaw damezrandinî soşyalîzm destipêdekat", keçî em rojgare bellênî serxermanî ewan gorrdra be awedankirdnewey zîndanekan; be taybetkirdnewey kerte dewlletîyekan; be azadkirdnî bazar bo terratênî kompanîye cîhanxorekan û kurdistane

rizgarkrawekeşyan kird be payegay serbazanî dewlletî turkye û îtla'atî dewlletî êranî û serbazanî emerîkî û brîtanî. Her awaş ke le seretay sedey raburdûda bellênekanî partî soşyal dêmokratî rusye, le rojgarî serxermanî paş serkewtinî raperrînî 1917da gorrdran be zîndanekanî çêka; urdûgekanî karî zoremlê; hêrş û kuştubrrî be komellî herewezîyekanî okranya û şuraxwazanî krronîştat û teqekirdin le krêkaranî mangirtûy pitrograd û ... Tid.

**********************************
Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke

Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN
Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY
Beşî sêyem : http://wp.me/ppHbY-If
Beşî çwarem: http://wp.me/ppHbY-IH
Beşî pêncem: http://wp.me/ppHbY-IK
Beşî şeşem:  http://wp.me/ppHbY-Jb
Beşî hewtem : http://wp.me/ppHbY-Jm
Beşî heştem : http://wp.me/ppHbY-Jt
Beşî nohem: http://wp.me/ppHbY-JM
Beşî dehem : http://wp.me/ppHbY-JR
Beşî yazdehem : http://wp.me/ppHbY-K3
Beşî dwazdehem : http://wp.me/ppHbY-K7
Beşî syazdehem : http://wp.me/ppHbY-Kc
Beşî çwardehem: http://wp.me/ppHbY-Kh